بانکی ڕشید: گشتیاران دەتوانن لە ماڵپەڕی بانکەکەمانەوە داواکاری کڕینی دۆلار پێشکەش بکەن



بانکی ڕشید ڕایگەیاند، داواکاری پێشوەختەی کڕینی دۆلار لەلایەن گشتیارانەوە بە نرخی فەرمی بانکی ناوەندی لە ڕێگەی ماڵپەڕی فەرمی بانکەکەیانەوە پێشکەش دەکرێت.

ئەمڕۆ پێنجشەممە، بانکی ڕشید لە ڕاگەیەندراوەکدا باوی کردەوە، ئەو گشتیارانەی دەیانەوێت دۆلار بکڕن، پێویستە بچنە ناو ماڵپەڕی فەرمی بانکەکەوە و لە ڕێگەی ئەو فۆرمەی کە بۆ ئەو مەبەستە دیاری کراوە، داواکاری پێشکەش بکەن.

ئاماژەی بۆشکرد، پێویستە داواکاران پابەندبن بە وادەی پێداچوونەوە، ئەگەر لەماوەی دیاریکراودا پێداچوونەوە بە لەقکانی بانکەکە نەکەن، داواکارییەکە هەڵدەوەشێتەوە